www.kurdistannet.org
14-4-2003 23:28

# توركیا توانی ناكۆكی بخاته نێوان پارتی و یەكێتی

**هشام ئاكرەیی**

لە دوای دەستپێكردن و سەركەوتنی پرۆسەی ئاشتبوونەوەی نێوان هێزە كوردسالنیەكان بە شێوەیەكی گشتی و نێوان پارتی و یەكێتی بە شێوەیەكی تایبەت، چەندین هەنگاوی پوزەتیڤ و ئەرینی نران لە باشووری كوردستان. ئەم یەكگرتنە بوە جێگای خۆشحالّی گەلی كوردستان لە ناوەوەو دەرەوەی وبەتەمای ئەوەن رەوش بە یەكجارەكی ئاسایی ببتەوە وهەنگاو بەرەو قۆناغی دوای رۆخانی رژێمی سەددام بنرێن و مافی فێدرالی بۆ هەموو باشووری كوردستان بچەسپێنن. بۆ ئەو مەبەست و ئاواتە پشتگیری گەلی كوردیان هەیە.

بەرەو پێشچوونی ئەو پرۆسەیە بوە جێگای نارەحەتی و تووڕەیی توركیا و ولآتانی تری دراوسێی كوردستان. ئەوەبوو توركیا هەڕەشەی لە پارتی و یەكێتی كرد و ویستی باشووری كوردستان داگیربكات و بۆ ئەو نیازەگلآوە چەند هۆیەكی نابەجێیان ڕایگەیاند. بەلآم یەكگرتوویی لایەن و هێزە كوردستانیەكان و هۆشیاری گەل و هەلوێستی توندی هەموان وای كرد توركیا پاشەكشێ بكات و نەوێرێ هێرش بكاتە سەر باشووری كوردستان. و ئەمریكا لەو كاتە ناسكەدا كە هیچ پشگیریان نەبوو بۆ شەڕەكەیان لە گەلّ سەددام و لەبەر ئەوەی توركیا نەبوو بە بەشێك لە هێزەكانی هاوپەیمان و نەیهێشت خاكەكەی بەكاربێنێت، ئەمریكا بۆ ئەوەی شەڕێكی لابەلا دروست نەبێت لە نێوان كورد و تورك، ناچار بوو نەهێلّێ لەشكری توركیا باشووری كوردستان داگیربكات.

ئەم هاوكێشەیە وای كرد كە كورد بكەوێتە دیوی ئەمریكای هاوكێشەكە و توركیا لە لای هەرە نزیكی دیوی فەرەنسای هاوكێشەكە بێت. توركیا زوو هەستی بەوە كرد كەوا ئەو لە دیوی دۆڕاوی شەڕدایە و زوو هەولّیدا سنگەرەكەی بگۆڕێت و لە رۆژی دەیەمی شەڕدا وەزیری دەرەوەی ئەمریكا رۆیشتە توركیا و ڕێكەوتنێكی تازەیان موركرد بەبێ ئامادەبوون و ئاگاداری پارتی و یەكێتی. تاوەكوو كۆلن پاولّ لە توركیا گەڕاوە پارتی و بەكێتی چاوەڕێی بەیانی كووتایی كۆبوونەوەی توركیا و ئەمریكا بوون. لەم كۆبوونەوەیە توركیا و ئەمریكا ڕێكەتن لە سەر چەند خالّێك لەوانە:

»هێزەكانی توركیا لەدەرەی سنوور چاودێری بكەن و ئەوانەی لە ناو باشووری كوردستانن لە سەنگەرەكانی خۆیاندا بمێننەوە.

» ئەمریكا هاوكاری مالّی بداتە توركیا، یەك ملیار دولآر وەك هاوكاری بە پەلە و هەشت ملیاڕ بازرگانی و قەرز.

» ئەمریكا ئمتیازی ئاوەدانكردنەوەی عێراق دەداتە كومپانیاكانی توركیا، لە وانە گەڕان بەدوای نەوت لە باشوری كوردستان.

» بۆ دلّنیاكردنی توركیا لەوەی كە هەڕەشە ناكرێتە سەر توركمانەكان و بەئازادی خەباتی خۆیان بەڕێوە دەبەن، ئەمریكا ناهێلّێ هێزەكانی پارتی و یەكێتی لەناو شارەكانی مووسل و كەركوكدا بن و بۆ ئەوەی توركیا گومانی نەبێ لەو خالّە، بووی هەیە لە سەرەتادا ژمارەیەك چاودێر بنێرتە ناو شارەكانی مووسل و كەركوك و ئەم ژمارەیە بە ڕێكەوتن لە نێوان ئەمریكا و توركیا و بە پێی پێویستی زیاد وكەم دەكرێت.

» ئاگاداركردنەوەی توركیا بە چمووحوولّی هاوبەشی سەربازی هێزەكانی هاوپەیمانان و كورد.

» شاری كەركووك و مووسل لە كاتی حكومەتی كاتیدا پەیوەندی ئیدارییان لە گەلّ بەغدا بێت.

» بریاری پەرلەمانی توركیا دەربارەی بەكارهێنانی ئاسمان و فرۆكخانەی سەربازی جێبەجێ بكرێت.

لەدوای سەردانی كۆلن پاولّ، توركیا كەیشتە ئەو ڕاستیەی كە ئەمریكا ناهێلّێت وەك جاران لەشكری بباتە باشووری كوردستان و ئەگەر بەردەوام بێت لە سەر ئەو سیاسەتە ئەوە لەوانەیە عێراق جێگای توركیا بگرتەوە و پەیوەندیان لە گەلّ كورد نەمێنێ و باشووری كوردستان ببێتە دوژمنی توركیا. هەر بۆیەش ناچاربوون سیاسەتی خۆیان بگۆڕن بەرامبەر بە پارتی و یەكێتی و هەولّ بدن ئامانجەكانیان بە شێوەیەكی تر بەدی بێنن و ئەو سەركەوتنە دبلوماسی و سیاسییەی كورد بەدەستیان هێناوە، لێیان بسێننەوە.

ئەوەی چاودێری ڕاگەیاندنەكانی توركیای دەربارەی باشووری كوردستان كردبێت، دەزانێ تا چ ڕادەیەك درۆیان كردوە و بە مێژووی توركیا لە ماوەی ٣ مانگدا ئەوەندە درۆ نەكراوە سەبارەت بە ڕێكەتنی ساختە و نا تەواو لە گەلّ ئەمریكا و هەڕەشەی درۆ بەرامبەر باشووری كوردستان. ئەوان لە درێژایی ئەو ٣ مانگەدا دەیان گوت هێز

دەبەینە باشووری کوردستان. ئەگەر تورکیا توانیبوایە هێرشە بکاتە سەر باشووری کوردستان، ڕای نەدەگەیاند و ڕاستەوخوو جێبەجێی دەکرد. چوون و نەچوونی لەشکری تورکیا پەیوەندی بە بڕیاری ئەمریکا و کوردەوە هەیە و بەر ئەوەی ئەمریکا ڕازی بێت، ئاگاداری کورد دەکات. لە بەر یەک هۆی بچووک ئەویش دروستنەبوونی شەڕ لە نێوان کورد و تورکدا.

لێرەدا بوومان دەردەکەوێ کەوا هەڕەشەکانی تورکیا تەنیا بەمەبەستی ترساندنی پارتی و یەکێتن و دەیانەوێ بەو هەڕەشانە ناکوکی لە نێوان ئەو هەردوو هێزەدا دروست بکەن. هەر ئێستا پارتی و یەکێتی دەتوانن هەموو پێشمەرگەکانی خۆیان بیهێننە سەر سنوور بەرامبەر تورکیا. سەددام نەماوە و لە باشوورەوە هیچ مەترسیەکی هێرش و کێمیاوی نەماوە. ئەگەر تورکیا بەر ئەوەی سەددام بڕۆخێ نەهاتە ناو کوردستان ئەوە ئێستا ئەگەر شێوازی شەری شورشگێری گەل بەکاربێت، تورکیا لە ناودەبرێت. ئەگەر شەڕ بەقسەوهەڕەشە بێت، ئەوە سەددام سەردەکەوت. ئەگەر بەقسەی کەناڵەکانی تورکیاش بێت دەمێک بوو کورد لە ناوبرابوون.

ڕزگارکردنی کەرکوک و مووسل وچوونەناوەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ئەو کاردانەوانەی لە ئەنجامی ئەو بەشداربوونە هاتنە کایەوە، تورکیا و ڕاگەیاندنی عەرەبی ڕۆڵێکی خراپ و گەورەیان تیایاندا گێڕا. هەروەها دوودڵی ئەمریکا و نەبوونی باوەڕی نێوان ئەمریکا و حزبی عەدالەتی تورکیا وای کرد کە نەخشەیەکی ئاشکرا و ڕۆن دانەڕێژرێت لە هێرشەکاندا.

ئەمریکا لە لایەکەوە نەی دەهێشت هێزی پێشمەرگە بڕواتە ناو ئەو هەردوو شارە بەر ئەوەی ئاگاداری تورکیا بکات و لەلایەکی تروە ناچارەبوو پەنا بوو هێزی پێشمەرگە ببات. لە دوای چوولکردنی شاری کەرکووک لە لایەن لەشکری عێراقەوە ئەو کاتە ئەمریکا پەیوەندی بە تورکیاوە دەکرد وتاوەکوو وڵام لە تورکیاوە بێتەوە، ئەمریکا دەیویست پێشمەرگە بەبێ بڕیاری ئەو بڕواتە ناو کەرکوک و مووسل، ئەگینا دەیتوانی بڕیار بدات و بە پارتی و یەکێتی بڵێت بووتان نیە بڕونە ناو ئەو هەردوو شارە و باوەڕناکەم پارتی و یەکێتی لە قسەی ئەمریکا دەرکەوتیان و بڕیاری ئەمریکایان جێبەجێیان نەکردبا.

ئەم سیاسەتەی تورکیاو وڵام نەدانەوەی بەپەلە ئامانجی، یەک ناو زڕاندنی کورد و ڕێگا خووشکردن بوو بۆ دزی و جەردەیی و دوو دروستکردنی ناکووکی لە نێوان پارتی و یەکێتی و بوو ئەو مەبەستە شارەزایی چەند ساڵەی خۆی خستە گەڕ.

ئەنجامی سیاسەتی تورکیا و ئەمریکا بوە هۆی ئەوەی یەکێتی چەند سەعاتێک زووتر وبەهێزێکی زیاتر لە پارتیەوە بڕواتە ناو شاری کەرکووک ولەبەر نەبوونی ڕێکەوتنێکی پێشتر سەبارەت بە چوونی هێزی پارتی و یەکێتی بۆ ناو شار وهەڕەشەکانی پێشووی تورکیا، پارتی ناچارکرا بەیاننامەیەک دەربخات دەربارەی نەچوونی هێزەکانی پارتی بوو ناو شاری کەرکوک و پابەندبوونی بە ڕێکەوتنەکانی لەگەڵ لایەنەکانی تر ڕابگەیەنێت. هەروەها وەزیری دەرەوەی تورکیا لە زار پارتیەوە ڕایگەیاند کەوا بەڕێز بارزانی لە پەیوەندیەکی تەلەفۆنیدا پێی وتووە کەوا ئەگەر یەکێتی هێزەکانی لە ناو شاری کەرکوکدا نەکێشتەوە ئەوە پارتی ئامادەیە لە گەڵ تورکیا هاوکاری بکات بوو دەرکردنیان. هەرچەندە بەڕێز هۆشیار زێباری ئەم ڕاگەیاندنەی تورکیای بەدرۆ دەرخست، بەڵام ڕۆژنامەی الحیاتی عەرەبی لە چاوێکەوتنێکی دا لە گەڵ بەڕێز بارزانی وتی کەوا چوونە ناوەوەی پێشمەرگە بۆ ناو شاری کەرکوک هەڵە بوو وای کرد کورد شارەکە لەدەست بدەن. ئەمەش بەڵگەیە کەوا تورکیا بەو سیاسەتەی خۆی توانی هاوکاری و تەنسیقی نێوان پارتی و یەکێتی ئاڵۆز بکەن ولە کاتی کتوپڕدا دوو پەیامی جیا بە پارتی و یەکێتی بدەن و لەئەنجامی ئەو دووپەیامەچیاچیایە پارتی یەکێتی هەڵوێست وەرگرن.

ئەگەر یەکێتی لە ڕزگارکردنی شاری کەرکوک دا، زیاتر بەشداری کردبێت و لەبەرنەبوونی تەنسیق لەنێوانیاندا ناکۆکی دروست ببێت، ئەوە لە شاری مووسل تەنیا پارتی و هێزەکانی پارتی لە وێ بەشداربوون و لە سەرەتادا هێزەکانی پارتی نەڕۆیشتنە ناو شارەکە، بەڵام چاودێرانی تورک هەر دێن بۆ ئەو شارەش لەگەڵ ئەوەی ژمارەیەکی زۆر کەمی تورکمانیشی لێیە. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی پێش وەخت ڕێکەوتنێک هەبووە لە نێوان تورکیا و ئەمریکا دەربارەی چاودێرانی سەربازی تورک.

له شاری مووسل چگه له دزی و تالان که له کەرکوکیش ڕۆدا، ناکۆکیەکی توند له نێوان کورد وعەرەبدا دروست بووه و عەشیرەته عەرەبەکان هەڕەشەو شەڕیان له گەڵ کورد و جارجار له گەڵ پێشمەرگەیان کرد. ولەگەڵ ئەوەی نیوەی ئەم شاره کوردنشینه باس له بەشداری کورد له بەڕێوەبردنی ئەم شارەدا نەکراوه. له شاری کەرکوک تەتیا سێکیەکی کۆمیتەی شار کوردن.

ئەکەر لەشکری تورکیا ڕاستەوخوو باشووری کوردستانی داگیری نەکرد، ئەوه تەنیا به هەڕەشەکانی توانی:

» ناکۆکی بخاته نێوان پارتی و یەکێتی
» نەهێڵێ کورد شارەکانی مووسل و کەرکوک بەڕێوەببەن
» ناوی کورد له لایەن کەلانی عەرەب وموسڵمان بزڕێنێ و به دز و جەرده له قەڵەم بدات
» دوژمنایەتی دروست بکات له نێوان کورد و عەرەب
» مام جەلال ئامادەبێت پێشوازی له چاودێرانی تورک بکات
» پارتی و یەکێتی ئامادەبن هاوکاری لەگەڵ تورکیا بکەن

چونکه ئەگەر دەستوەردانی تورکیا نەبوایه ئەوه، پارتی و یەکێتی پێشوەخت لەسەر هەموو هەنگاوەکانی ڕزگارکردن ڕێکدەکەوتن و شاری مووسل و کەرکووکیش به ڕێکوپێکی ڕزگاردەکران.

هەربۆیەش به پێویستی دەزانم ڕۆشەنبیران و پارت و ڕێکخراوەکانی کوردستان هەر له ئێستاوه ئاگاداری سیاسەتی تورکیا بن و له دژی دروست بوونی هەرناکۆکیەک دەنگی خۆیان بەرز بکەن وخۆیان ئامادەکەن بوو قوناغی دوای سەددام و چەسپاندنی فێدڕالی له باشووری کوردستان و لامان گرنگ نیه شاری کەرکوک و مووسل پارتی یان یەکێتی بەڕێوه ببات، گرنگ ئەوه ئەو هەردوو شاره سەر به هەرێمی باشووری کوردستانی فێدڕاڵ بن نەک عێراق. هەموومان بەرامبەر هەڵێکی مێژوویین و دەبێ بەکگرتووبێن و بەرژەندی باڵای کوردستان و گەل له سەرەوەی هەر بەرژەوەندیەکی تر بگرین.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینه دەربرینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت له ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییه. ٧-٣-٢٠٠٣